بانگەشەی گۆڕان

ژمارە (8) 8 / 2007/4

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئازادە دوو هەفتە جارێك لە خورماتوو دەردەچێت

# چەند رامانە سرنجێك دەربارەی خۆشەویستی

خۆشەویستی بە تێکڕای بابەتە جیاوازیەکانییەوە، سێبەری چەند پەیوەندییەکی ماددییە و خاوەنی چەندین بنەما و پاڵنەرە. بۆ نموونە خۆشەویستی باوان و منالآن سروشتییەو لەسەر بنەمای سۆز دامەزراوە کە وەك غەریزەیەك لە مرۆڤ و ئاژەڵانیشدا بوونی هەیەو پاتبەندی هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانەی باوان و منالآن نییە و لەنێوان بەهێز و بێ هێزدایە.لەبەر ئەوەی منالآن لەباری جەستە و ژیرییەوە پێ نەگەیشتوون و ناچارن لەچوارچێوەی خێزاندا پشت بە باوانیان ببەستن و زۆر جارانیش بۆ خواستەکانیان فرمێسك و بزۆزی و لاساری لەچەکەکانیان.ئەم پەیوەندییەش بەپێی قۆناخەکانی کۆمەڵ جیاوازە و لە کۆمەڵی کشتوکاڵیدا کە دامەزراوەکانی ئەهلین و ئەقڵی خێڵ و باوکسالاری زاڵە خۆشەویستی دایك و باوك بۆ منالەکانیان جیاوازەو چەنانەوە لەدیدی باوکدا لەبەرژەوەندی بەدەر نییە، بەئامانجی پاراستنی سام و شکۆی خێزان و هۆزو نەتەوەو پێك هێنانای سێبەرێکە دواڕۆژی ساڵاکانی پیری و گواستنەوەی سامان لەرێگای میرات بۆ وەچەکان، بەڵام دوای ئەوەی منالآن گەورە دبن و تەمەنیان دەگاتە (18) ساڵان و دەبنە هاوولاتی واتا

ئەندامی کۆمەڵی سیاسی و دەسەڵات ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکات و خێزان دروست دەکەن و سەربەخۆ دەبن لەباوانیان ئەم پەیوەندییە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر دادێت و لە کۆمەڵە پیشەسازیەکاندا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێ.ناکرێ لە نووسینێکی کورتدا شەت و کەوێ سەرجەم بابەتەکانی خۆشەویستی بکەین و رامان و سەرنجەکانم لە خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچاندا چڕ دەکەمەوە.روون و ئاشکرایە کە کۆمەڵ پڕە لە جیاوازی سروشتی و کۆمەڵایەتی و تاکەکانی ئەم کۆمەڵەش بە کۆمەڵێك پەیوەندی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پاڵنەری واقیعیانەی خۆشەویستی نێرو مێ بە پلەی یەکەم تێرکردنی دوو غەریزەی گرنگە، کەبریتین لە ئەنجامدامی کاری سێکسی بۆ چێژ وەرگرتن و بەرجەستەکردنی خۆشەویستی کە بەشێکی ماددی دەربڕینی ناکرێ و نیشاندانی بۆ بەرامبەر گران و ئەستەمەو دووەم نانەوەی وەچەی مرۆڤە بۆ تێرکردنی غەریزەی مانەوەی توخمی مرۆڤ وەك بەرەنگاربوونەوەی مردن.بەڵام داخۆ خۆشەویستی لەگەڵ ئازادی و ئابووری و ژیری مرۆڤ لەچ پەیوەندیەك دایەو بنەماکانی خۆشەویستی چین و چۆن لەسەر زەمینی واقیع مامەڵە دەکرێن؟مرۆڤتی

نموونەیی لە نێرو مێ لەناو هەر کۆمەڵگایەك دەگمەنن و تەنها لەباری رێژەییەوە نەك رەها بوونیان هەیە.بە واتا جوان و دزێوو هۆشیاروگەمژەو شەڕانگێزو ئاشتی خوازو بەهێزو بەهێزمان هەیەو هەر هەموومان پێویستیمان بە دوو کۆمەڵە پێداویستی ماددی و رووحی هەیە کە لەرێگای کارو تێکۆشانەوە دەستەبەریان دەکەین و لەکۆمەڵگای باوی سەرمایەداریش بەیەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بنەبڕکردنی سەرجەم جۆرەکانی چەوسانەوە ناگەین. وێڕای ئەوانەش دەسەڵاتە باوەکان لەخێزان و کۆمەڵ و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای شێوە جیاواز بەهۆی پەروەردەو مامەڵەی جیاوازەوە رشتێك نەخۆشی دەوری کوشندەیان بەباڵا دابڕووین کە لەخانەی مرۆڤی سروشتی و تەندروست ئاسا چشووینەتە دەرەوە بۆ نا بازنەی گرفت گەلێکی ستەم و دژوار. خۆشەویستی نێرو مێ لانی کەم لەسەر دوو کۆمەڵگەی سەرەکی بەندن، ئەویش بوونی ئازادییە لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆی و رزگاربوونیەتی لەدەسەڵاتەکانی کەس و کارو کەلتوورو بوونی ئازادی ئابووری رەگەزی مێیە بە واتای کارکردن و بەکاربردنی داهاتی کارەکەی لەپێداویستیە ماددیەکانی رۆژانەدا بۆ دەربازبوون لە پاشتکۆیەتی

## ن/بابە دەلووك

پیاو کە هێزی ئابووری دەکاتە ئامرزای جڵەوکردنی ئافرەت. بەڵام ئەگەر بە ووردی سەرنجی کۆمەڵی کوردەواری بدەین هیچ کام لەو دووبنەمایە بوونیان نییەو ئافرەت کۆیلەی دەسەڵاتەکان وپاشکۆی ئابووری پیاوە. لەبەر ئەوەشە کە کوڕان و کچانی ئێمە بۆیان ساغ نابێتەوە داخۆ پەیوەندی خۆشەویستیان بۆ سەرمایەو ماددەیە یان بۆیەکتری و زۆر جارانیش ئەم گومانە کوڕان لەراشکاوی دوور دەخاتەوەو ناخی خۆیان نیشانی بەرامبەر نادەن و لەهونەری نواندن و چەواشەکاریدا بلیمەت و شارەزان و لەژێر پەردەی ئاکاری جوان و زیادەڕۆیی بەتوانا فریودەرەکانیان خۆیان حەشار دەدەن و دواجاریش پرۆژەی هاوسەریەتی و پێکەوەنانی خێزان لەژێر گوشاری ناچاربوون و لاسایی کردنەوەدا پێك دێنن و بەدوای خۆشەویستیەکی سۆفیگەرانەی دوور لە واقیعدا دەگەڕێن کە لەسەر زەوی و ناو کۆمەڵگا بوونی نییەو لەگەڕی ئاسماندا بۆی دەگەڕێن.

# لاوان لەنێوان دەسەڵات و سێکسدا

لاوان ئەو چین وتوێژەی کۆمەڵگەن کە چاوەڕوانی زۆرترین داهێنان و پێشکەوتنیان لێ دەکرێت ، لاوان گرنگترین توێژی کۆمەڵگەن. هەمیشەش لە نێو کۆمەڵگادا لە ناو بازنەی داخراودا و خەیاڵ ودووکەڵی جگەریان و مەستیان لە مەیخانەکان زۆرترین نیشانەی بێ هودەی لاوە بەرامبەر بەژیان . لاو لە ململانیەکی زۆر سەختدا ژیان دەباتە سەر و هەمیشە ناتوانێت پێکەوە بژین . ئاراستەکانی لاوان بەرەو قۆناخێکی نوی هەنگاو دەنێت ژیانیش دەیەوێت بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگا هەنگاوەکان ببی ، لەم پانتای ژیاندا هێزێك دروست دەبێت پیی دەڵین دەسەڵات. دەسەڵات بەهەموو چەمکەکانی مانای بەکۆیلەکردنی لاو بەرامبەر بە ژیان. کۆیلەکردنی لاوان لە هەموو ئارەزووەکان و دەست گرتن بە سەر هێزو توانایان و بەکارهێنانیان لەگەڵێك مەبەستی سیاسی و خودیدا سەرتاپای بزاڤی لاوانی لە جولەی پیشەیی خۆیان خستووە . دەسەڵات دەیەوێت بە پۆلیس کردن یاخود بەبێ کاری و یاخود بێ

نیشتەجێی لاوان بکاتە نێچیری مەرامەکانی خۆی . لاوانیش لە پێناوی ئەوەی ژیان نەبێت بەسەریاندا چاوەڕوانی هیچ کەسێك نەکات مەرامەکانی دەسەڵات قبوڵ دەکەن. بڕیاری چارەنووسسازی خۆیان دەخەنە پشت گوێ هەوڵ و کۆششەکانیان دەخەنە کار لە پێناو برسیەتی و چاوەڕوان بوونی کەسێکی دیکە ، ئەمەش یەکێکە لە زەرەرمەندەکانی ژیان .سێکس هەمیشە لە خەیاڵی لاودایە و لاوان دەخەنە نێو گەورەترین گێژاوی بیرکردنەوە ، کپکردنی لاو بەهەردوو رەگەزەکەیەوە حەرام کردن و قەدەخەکردنی هەندێ دیاردەی ئارەزوومەندان لاوان تووشی شکستێکی گەورە دەکات بەرامبەر بەبێ هودەیی خۆی . بەسەیرکردنی کچێك یان بەبینینی بە پۆشاکێکی نوی مۆدیلەوە کە سەرنج راکێش بێت لاوی کوڕ خەیاڵی سێکسی دادەگرێت و دەچێتە ژیانێکی خەیاڵەوە بەدەم بیر کردنەوەی ئارەزووەکانی دووکەڵی جگەرەیان رەوانەی ئاسمان و (با) دەکەن. کۆمەڵگای کوردی بەگشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەوی سیستەمی ئاین

رەواو تەقلیدی کۆنەپەرستی داب ونەریتی و زاڵبوونی دەسەڵاتی باتریاکی و بەکارهێنانی لاو بۆ پراگاتیزمی هۆز و خێڵ دەکات دەسەڵاتدارانی بۆ ئەوەی ئارەزوویەکانی لاو کپ بکات و وڵات بەرەو پێشەوە بردن، لەجیاتی بازرگانی هێنان وبردن، لەجیاتی ئەوەی ئامێری پێشکەوتوو کاریگەری مۆدیرن بهێننە ناو وڵات و لاوان هان بدەن کاربکەن و بێ کاری نەهێڵن کەچی دەوڵەت بەهێنانی وێنەی سێکسی و فیلم و هەندێ دیاردەی ناشاز و دواکەوتوو و تەقلیدبازیەوە لاوانیان ئەوەندەی دیکە خستە گێژاوی خەیاڵەکانەوە کە لە ژوورێکدا بە تەنها سەیری وێنەی کچێك بکات و ئاخ بۆ هەندەران بخوازێت وڵات بەجێ بەێڵیت، دیارە دیاردەی کۆچ باشترین ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی و رۆشنبیری و پێکەوتنی لە کۆمەڵگای کوردی داوە ئێستاش بە دیارە پۆلیسکردن پەیتاپەیتا لاوەکان دەگرێتەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات و قۆرخکردنی پرۆژەکانیان .کۆچ یەکێك لە خاڵە هەرە نێگەتیڤەکانی بەجێ هێشتنی لەناو کوردا ، دیاردەی

## جلال هۆرینی

قەیرەی کچ و زۆربوونی رێژەی کچ بەرامبەر بە رەگەزی کوڕ بوو، دیارە ئەمەش بەیەکێك لە خاڵە لاوازەکانی دەسەڵات دادەنرێت یان رۆیشتنی کۆمەڵە کچێك بۆ هەندەران لەو حاڵەتی جیابوونەوەی خێزان و تێکچوونی شیرازەی خێزان روودەدات یان چەندین دیاریدەی ناشاز باس دەکرێت لەوێ.دیارە باسکردن لەبابەتێکی وەها چارەنووسساز بە کۆمەڵگا و چینێك کە بتوانێت چاوەڕوانی گۆڕانکاری نوێ بکات زۆر هەڵدەگرێ زۆر لێکدانەوەی رۆشنبیری دەوێت . بۆیە گرنگە هەر یەك لە ئێمەی لاو خۆراگرانە سەیری دەوروبەرمان بکەین و یەك بە بری ئەو خاڵانەی رۆژانەی رووبەڕوومان دەبنەوە لێکدانەوەی جددی بۆ بکەیت. تا وەکو بتوانین کارێك بکەین کە چارەنووسی خۆمانی تێدا دیاری بکەین.

# گەنجان و رەوڕەوەی مێژوو

گەنجایەتی قۆناخێکی هەستیاری تەمەنی مرۆڤەکانە و بەهۆی کەڵکەبوونی ووزە پێویستی بەجووڵەیەکی هەمەلایەن دەبێت. گەلانی کەم بەئاراستەیەکی درووست و بەسوود بۆ بەرژەوەندی گشتی بەرچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەتی گەنجان بخرێتە گەڕ.ئەوەش چەندین پێداویستی و میکانیزمی ئەم ئامانجە دەسەپێنێ کە دەبێت دەستەبەر بکرێن و بەبیانووی کێشەی سەرەکی و نائاسایی بارودۆخ هەرگیز دوانەخرێن و نەچنە ناو بازنەی فەرامۆشی و پەراوێز خستنەوە.دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی وەرزش لە نموونەی گۆڕەپانی یاری و مەلەوانگە و باخچەی گشتی و چەندین یانەی سەماو هونەری

و هۆڵی سینەما و شانۆ...هتد هاوکاتی دۆزینەوەی کارێکی گونجاوی بەرهەمهێن میکانیزمەکانی ئاراستەکردنی لاوان بەشێوازێکی درووست پێك دێنن.وێڕای ئەوەش کرانەوە و چالاك کردن و گۆڕینی سیستمی کۆنی پەروەردە و خوێندن و بەدیموکراسیکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگا و پاککردنەوەی ئەقڵیەتی شمولی حزبە سیاسییەکان و کوورتکردنەوەی دەستی راگەیاندنەکانی بارگاوی کراو بە ئایدیۆلۆژیا و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و پەرپێدانی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپاڵ پێشخستنی ئابووری و چەسپاندنی هێمن و ئاسایش دەبنە فاکتەری کاریگەرو هەنگاوی گرنگ بۆ ئەو ئامانجە و

دەربازکردنی کۆمەڵگا بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لەچەندین قەیرانی هۆشیاری و لادانی کوشندە لەرێبازی دروست. لە کۆمەڵی کوردەواری دارمان بەهەموو بوارو ئاستەکانی ژیانی تاك و گشتییەوە دیارەو سیماکانی ئەم قۆناغەش پەرەسەندنی گەندەڵی سیاسی و دارایی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییە کە لە لووتکەی هەرەسی دەسەڵاتەوە بۆ ناو رۆحی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە شۆڕبۆتەوەو رۆژانە پراکتیزە دەکرێ.بەداخەوە شارەزاو بەهرەمەندانی زانستی کۆمەڵناسی کەمتر بایەخ بە راڤەکردنی دیاردەی نامۆبوونی گەنجان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن لە نموونەی مۆبا

و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت دەدەن و هۆکارو دەرەنجام و شێوازی چارەسەری ئەم دیاردەیە ناخەنە روو.

